**مەراسیم و ڕێپێوان بۆ 1 ئایار لە ڤانکۆڤەر _کەنەدا ئە نجام درا**

**بۆ ڕێز لێنان و نیشاندانی هاوپشتی لە گەل کرێکارانی جیهان و بە بۆنەی 1 ئایار لە ئێوارەی 4\30 مەراسیمێکی شکۆدار ئە نجام درا کەنزیکەی 150 کەس ئامادە بوون تێیدا سەرەتا بە ووتەی ئەم کەس و لایەنانە دەستی پێ کرد : عەباسی موحەمەدی _ نوێنەری یەکێتی کرێکارانی ئۆتۆمۆبیلی شاری ڤیکتۆریا سەردار عەبدوڵا(هەلە بجەیی) _ ئەندامی هەیئەی تەنفیزی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق فەهیمەی سادقی _ مەسوولی فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئێرانی _هەمبەستەگی لە کەنەدا موستەفا سابیر _ ئەندامی مەکتە بی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران پاشان لەگەل ئاهەنگی مۆسیقاو سەما مەراسیم بەردەوام بوو تا 1:30 پاش نیوە شەو .......**

**هەر بەم بۆنەوە دوا نیوەرۆی 1 مەی(ئایار) لە سەر بانگەوازی 22 ڕێکخراوی کرێکاری و پیشەیی و حیزبی سیاسی کۆمۆنیست و چەپ وە لە نێویاندا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق وەك تە نها لایە نی عێراقی بوو , دیمە نی شاری ڤانکۆڤەر ڕازایەوە بە خۆپیشندانێکی گەورە کە بێجگە لەو بیست و دوو لایەنە چەندین لایەن و کەسانی تر بەرچاو دەکەوتن . حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عێراق بە هەلکردن و بڵاو کردنەوەی پۆستەری حیزب و بە ووتنی چەندین شیعاری وەك : بڕووخێ سەرمایەداری بژی سۆشیالیزم و ئازادی یەکسانی حکومە تی کرێکاری ..هتد بە هاوبەشی لە گەل هاوریانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وە بە بەرز کردنەوەی وێنەی کارل مارکس بەشداری کرد و ئەوەی جێی خشحالی بوو ووتنەوەی ئەم شیعارانەی ئێمە بوو لە لایەن بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەرانەوە .خۆپیشاندەران لە سەنتەری شار کۆ بوونەوە بە پێشکەش کردنی ووتەو شیعاری جۆراو جۆرو شادی سەما بەردەوام بوون تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەوەی شایانی باسە 1 ئایار لە کەنەدا هەر وەك ئەمریکا ڕۆژی کرێکار نی یە لە یاسادا ..**




